# دیالۆگ  ڕێگە چارەی سەردەم

جاران بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەو گرفتی نێوان دژەکان، زمانی  چەك‌و هێز دەمڕاست‌و سەر پشك بوون. ئەو ڕێگەیەش بە  درێژایی مێژووی ژیانێکی یەکجار گەورەو قەرەبوو نەکراوەی بە مرۆڤایەتی گەیاند،هەزاران هەزار کەس بوونە قوربانی هەرەس‌و  خواستەکانی کەسانی دیکتاتۆرو خوێنڕێژ.. بە تەنیا لە دووەمین شەڕی جیهاندا زیاتر لە (20) ملیۆن بوونە سووتەمەنی‌و تیاچوون، بە داخەوە هەر هەنوکەش لە وڵاتانی وەك ئەفغانستان‌و سۆماڵ‌و یوگسلافیاو کۆنگۆو کوردستان‌و   بە عەقلیەتی سەدەکانی رابوردوو رەفتار دەکرێت‌و بۆ چارەسەری گرژی‌و ناکۆکی‌یەکان پەنا بۆ چەك‌و کوشتن دەبردرێت، بەڵام خۆشبەختانە  لە زۆر شوێندا زمانی ژیری لۆژیك فەرمانڕەوایەو کێشەکانی پێ چارەسەر دەکرێن، بۆیە خەریکە ئەو سەدەیە بەناوی سەدەی دیالۆگەوە شێوەو رەنگ دەگرێت.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ناونانی سەدەی رێنسانس‌وسەدەی رووناکبیری‌و سەدەی زاڵبوون  بەسەر ئاسمان‌و سەدەی رزگاری گەلانی بن  دەست، رەواو راست بێت ئەوا هەقی خۆیەتی ئەم سەردەمەش بە سەدەی دیالۆگ بناسرێت‌و ناوبنرێت.

ئەمڕۆ بۆ چارەسەرکردنی یەکتر تێگەیشتن گەشەپێدانی زانست‌و زانیاری بۆ راگۆڕینەوەو لە یەکتر نزیککردنەوەی کلتورو فەرهەنگی گەلانی جیاواز، بۆ بنبڕکردنی تاك بڕیاری‌و کێشەی نێوان یەك بنەماڵە تەنانەت بۆ  ئاشنابوونی نەوەی کۆن‌و نوێ، دیالۆگ"گفت‌وگۆ) باشترین لەبارترین ڕێگە چارەی سەردەمە، بە تایبەتیش ئەمڕۆ لە سێبەری تەکنەلۆژیاوئەنتەرنێت  . بۆتە گوندێکی بچووك‌و پێویستی بە لە یەکتر نزیك بوونەوەو هاوهەنگی هەیە، ئەم هاوهەنگی‌و نزیك بوونەوەیە بەڵام بە تەنیا لە ڕێگەی گفتوگۆوە سەرچاوەی دەگرێت‌و بەرهەمدار دەبێت.

گفتوگۆ شێوەو بواری جۆر جۆر دەگرێتەوە گفتوگۆی نێوان دوو هاوڕ  کە گفت‌و گۆی نێوان دوو فەرهەنگ، گفتوگۆی نێوان ژن‌و پیاو، گفتوگۆی نێوان خودی یەك نەتەوەو یەك خێزان ئەمەش تەنیا لە کاتێکدایە کە  چەك‌و شمشێر وەلا دەنرێن‌و (پەیڤ) جێگەیان دەگرێتەوە.

لە کوردەواریدا جاران کە دوو کەس دمکە دمکیان دەکردو بە شەڕ دەهاتن، خێرخوازو ناوبژیوان پەیدا دەبوون‌و دەیانگوت: شەیتان بە نەعلەت بکەن‌و وەرن دانیشن‌و گرفتەکەتان چارەسەر بکەن، ئەو دانیشتنە هەمان واتای دیالۆگی ئێستای هەبوو، مەبەست ئەوەبوو کە بە زمانی ژیری بدوێن‌و بە هێمنانەوە کێشەکە چارەسەر بکرێن، ئەوکات سەردەمی دەرەبەگی‌و گوندایەتی‌و خێڵایەتی بوو، ئەمڕۆکە سەردەمی زانست‌و تەکنەلۆژی‌و سیاسەتە کەچی حزبە سیاسیەکانی کوردستان لە جیاتی بە دانیشتن ناکۆکی‌و ململانێی نێوە خۆیان چارەبکەن، زۆر دەمارگیرو کەللە رەقانە پەنا بۆ چەك‌و هێز بەن.

دیالۆگ لە هەنگاوی سەرەتاو سادەوە دەست پێ دەکات، کاتێك ژن‌و مێردێك بۆ گرفتەکانی ژیانیان دادەنیشن‌وڕێگە چارەی بۆ دەدۆزنەوە گفت‌و گۆ بەرهەمێکی بووەو وانەیەکی گوتراوەتەوە، کە نووسەران بۆ ئافراندن‌و داڕشتنی وشەی نوێ‌و پێویست گوێ لە یەکتر دەگرن، گفت‌وگۆ وە بەرهەم هاتووە، کاتێك هەندێك  بۆ کێشەو نەخۆشیەکانی نێو خۆی، یان بۆ وەرگرتنی بڕیارێکی گرنگ پرس بە ئەندامانی  دەکات‌و داوای راوێژیان لێ دەکات، ئەو کاتە دیموکراتیانە دیالۆگ هەنگاوی هەڵگرتۆتەوە.

وە نەبێ تەنیا ئەمڕۆ باس لە دیالۆگوبە یەکتر سەلماندن کرابێت، سوقرات لە بەشێکی بەرگی نامەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە بە گفتوگۆ مرۆڤ لە یەکتری تێدەگات، جاری وا هەیە نەزانین دەڕەوێنێتەوەو جاری واش هەیە باری نەزانین سووك‌و کەمتر دەکات.

گفت‌و گۆی نێوان (کەسەکان، هزرەکان، تیۆرەکان) تەنیا گۆڕینەوەی بیروڕایان زانست‌و زانیاری نییە بەڵکو لە ئاکامدا گۆڕانکاری‌یەکی بەرجەستەو بەرهەمێکی لە بارو نوێ بەشێوەیەکی تازەو تایبەت دەفڕێنێ‌و دەیخاتە مەیدانەوە، گفتوگۆ خۆی لە خۆیدا کارلێردن‌و ئاوێتە بوونە، لە بارێکی نادیارەوە لە ئاسۆدا گۆڕانکاری‌و پێشکەوتن وە بەرهەم دێنێ، لەوانەیە زۆر کەس بڵێن لێکدانەوەی خودودەروونیش گۆڕانکاری لێ لە دایك دەبێت‌و ئاسۆی هزر فراوانتر دەکات‌و تروسکایی گۆشە تاریکەکانی ڕۆشن دەکاتەوە، ئەگەر ئەم بۆچوونەش ڕاست بێ، دەکرێ لێکدانەوە لەگەڵ خودیشدا جۆرێکە لە دیالۆگ، بەڵام ئاکام‌و بەرهەمی بەم ئەندازەیە نییە کە لە گفتوگۆیەکی ئاشکرای نێوان دووان بەرجەستە دەبێت.

ئەوانەی کە ئاکامی دیالۆگی نێوان کەس‌و گروپ‌و گەلان‌و دیدگا جیاوازەکان بێ برهەم لە قەڵەم دەدەن، تەنیا ڕامان بۆچوونی دیکتاتۆرو ملهوڕانی کەم توانانن، مەبەستیش ڕێگرتنە لە ڕەوشی بەرەو پێشەوە چوونی مێژوو.. ئەو ڕامانانە لە ئاکامدا بە تەنیا شەڕو کوشتارو نەهامەتی لەگەڵ خۆیدا بە دیاری دەهێنێ.

لەم ڕۆژگاری ئێستاماندا تەنیا تورك‌و سرب بە ڕەهایی دیالۆگ لەگەڵ نەیارانی خۆیان‌و هاوسێکانیان ڕەت دەکەنەوەو ئامادە نابن لەسەر مێزی وتووێژدا کێشەو ناکۆکی‌یەکان لەگەڵ دیتران بخەنە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە. ئەگەر لەژێر گوشاری سەردەمدا لەسەر مێزیش دانیشتن تەنیا مەبەستیان ئەوەیە کە بۆچونی خۆیان دەسەپێن‌و هیچ نرخ بۆ داخوازی‌و ڕامانی بەرامبەر دانانێن. ئەمە گەورەترین زەرەرو زیانی پێگەیاندوون. سربەکان شەڕیان لەگەڵ بۆسنیەکان کردو زەرەرمەندبوون. شالاوی پاکتاوی نەژادیان دژ بە ئەلبانی نەیارەکانی کۆسۆڤۆ بەڕێوەبرد، بەڵام تێشکان‌وولاتیان خاپوورو وێران کرد.تورکەکانیش کەللە ڕەقانە درێژە بە داگیرکردنی باکوری کوردستان دەدەن‌و وەڵامی بانگەوازە ئاشتیخوازیەکەی کوردستان نادەنەوە.

لە کاتێکدا کە لایەنی کوردی بە هەموو شێوەیەك ئامادەیە کێشەکە لەسەرمێزی گفتوگۆو لەسەر دەستی نێودەولەتیدا چارە بکات، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورك لەژێر بیانوی نابێت لەگەڵ تیرۆریست دانوستاندن بکرێ، تەواوی هەوڵەکانی ئاشتی‌و ڕێگەچارەکانی وەژێر پێ دەخەن‌و درێژە بە شەڕو کوشتار دەدەن، ئەم ڕاستی‌یە بۆ تێکڕای گەلان‌و دەوڵەتانی دونیا ئاشکرا بووە کە تورك گفتوگۆ ناناسێ‌و تاوگیرانە هەموو جۆرە هەقانیەتی لایەنی بەرامبەر ڕەت دەکاتەوەو درێژە بە پاکسازی ڕەگەزی دەدات‌و نکوڵی لە بوونی کورد دەکات.

زایانان لەو باوەڕەدان ئەوەی گفتوگۆ ڕەت دەکاتەوەو پەنا بۆ چەك‌و هێز دەبات ، دەریدەخات کە خاوەن کێشەیەکی ڕەوانیە، بەڵکو لەواری کرداری‌و هزریشدا کەم تواناو ناکامڵ‌و ناهۆشیارە، ئەو ناڕەوای‌و ناهوشیاریە بەرەو جەنگ‌و ململانێ ناوی دەدات.

مەرج نی‌یە لە دیالۆگدا هەردوو ڕامان وەك یەك‌و نیو بەنیو بچەسپێن، جاری واش هەیە هەردوو لایەن لە هەندێ لە خواستەکانی خۆیان پاشەکشە دەکەن‌و جۆرە هاوسەنگیەك قەبوڵ دەکەن، بە هەمان شێوەش مەرج نی‌یە، کە هەردوو لایەن بە هەمان عەقڵیەت بۆ گفتوگۆ بێن، یاخود پەرۆشی سەرخستنی دیالۆگ بن، جاری وا هەیە لایەنێك سنگی فراوانترەو باشتر هاوکاری دەکات‌و لە خزمەتی سەرکەوتنی دایە، جاری وا هەیە لایەنێك بە

هیوایەکی کەمەوە بۆ دیالۆگ دێت، بەڵام لەسەر مێزی گفتوگۆ دەبینێ کە لایەنی بەرامبەر راستگۆیانە پەرۆشی چارەسەرکردنی کێشەکانە، ئیدی ئەویش رای خۆی دەگۆڕێو باشتر دێتە پێشەوە.

لە راستیدا ئەگەر هەردوو لایەن بە باشی لە چەمکی دیالۆگ تێبگەن، ئەوا بە خێرایی بەرەو پێش دەچێتو ئاکامیش بەرهەمدارترو سەقامگیرتر دەبێت، بە کورتی لە دیالۆگدا نابێ تەنیا زمانی گوتن درێژو لەکاربێت.بەڵکو گەرەکە گوێی بیستنیش گەورەو سووك بێ، بۆ نموونە لە سادەترین گفتوگۆدا ئەگەر مێرد گوێ لە خواستەکانی ژنەکەی نەگرێت، یاخود بە پێچەوانەوە.. ئەگەر باوكو دایك گوێ لە داخوازی منداڵەکەیان نەگرن، ئەگەر مامۆستا گوێ بە داوای خوێندکاران نەدات، دەبینین رۆژ لە دوای رۆژ هاوکێشەی نێوانیان باریكو باریکتر دەبێت، لە کۆتاییشدا ئەگەری پچڕانی زیاتر دەبێ لە گرێدانەوەی.

گرنگترین شتی گفتوگۆ ئەوەیە کە لایەنە ناکۆکەکان بە سنگی فراوانو مەژی(اعصاب) ساردو پەیڤی شیرینو روو گەشیەوەبەشداری تێدا بکەنو خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، هەڵبەت ئەو جۆرە دانوستاندنە بەرهەمدارتر دەبێو باشتر پێ دەگات نالەبارترین گفتوگۆش ئەوەیە کە لایەنەکان لە هونەری دیالۆگ تێنەگەنو بەنیاز خراپی‌یەوە بۆی بچن لە بڕوبیانوو بگەڕێنو بەدوای سەرەداوی گرژیو نوختە ئاڵۆزەکاندا بسوڕێنەوە، یاخود بە تەنیا بەرچاوی خۆی ببینێو خۆی بە خاوەنی مافێکی رەها بزانێو ئاگای لە خواستو ئەندێشەی دیتران نەبێت.

بۆ کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی ناڤین باشترین رێگە فێربوونی هوونەرو زانستی دیالۆگە، ئەو فێربوونەش کاتو وەختێکی دەوێت، گەرەکە هۆیەکانی راگەیاندن بایەخێکی زۆر گرنگی پێبدەن، مێزگەردی ئازادو کراوە، سیمیناری بەردەوامو هەموو جۆرە هەنگاوەکانی گەیشن کورت دەکەنەوەو کێشەو گرفتەکانی ناوچەکە بە ئاشتیانە چارەسەر دەکەن، بە تایبەت ئەگەر رێگە بدرێت کە تاکەکانی کۆمەڵ ئازادانە راو بۆچوونی خۆیان دەرببڕنو گوێیان لێ بگیرێت، زەمینەی دیالۆگ سازو پێدەگات. ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی وەك وڵاتی عیراقدا، عەرەب کە فەرمانڕەواو سەردەستەیە بە چاوی سووكو کەم بایەخەوە لە داخوازیو خواستەکانی گەلی کورد بڕوانێت (کە چەندین ساڵە ئاوا لێی دەڕوانێت) ئەوا هەرگیز زەمینەی دیالۆگ ناڕەخسێ.

باشترین نموونەی رێکەوتنی (11) ی ئازاری (1970)ە چونکە عەرەب لە چەمکی دیالۆگو خواستەکانی گەلی کورد تێنەگەیشتبوون بە فێڵو تەڵەکەبازی ئەنجامی دابوو، مەبەستی سوود وەرگرتن لە کاتو بەسەربردنی بوو دیتمان کە ناکام مایەوەو هەڵوەشایەوە.تەنانەت کوردیش تاوەکوو ئەمڕۆ بەباشی لە چەمکی دیالۆگ تێنەگەیشتووەو هونەری بەڕێوەبردنی نازانێت بۆیە نەیتوانیوە هەنگاوی پێویست لەسەر ئاستی ناوەخۆو لەگەڵ داگیرکەران بهاوێژێت. باشترین نموونەش ئەگەر هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەڕاستی لە دیالۆگ (گفتوگۆ) بگەیشتبانایە، هەرگیز شەڕی نێوەخۆ هەڵنەدەگیسرا، یاخود کۆبوونەوەکانی ئاشتی هێندە درێژو بێ ئاکام نەدەبوون.

لە بواری تێگەیشتن لە چەمکی دیالۆگو هونەری بەڕێوەبردنی گفتوگۆ ئەرکێکی یەکجار گەورە لە ئەستۆی رۆشنبیران دایە، هەرچەند دەستەڵاتی سیاسی بەرپرسیاری یەکەمو سەرەکی‌یەو رۆڵی ئەوان لە پێشەوەی رۆشنبیرا دایە، بەڵام رووناکبیر ئەگەر بوێرو خۆڕاگرو نەترس بێت، زۆر بە خێرایی دەتوانێ جەماوەر وەئاگا بێنێو گۆشیان بکاتو باریان بهێنێ، بۆ نموونە ئەگەر نووسەرو رۆشنبیرانی وڵاتانی بەناو سوسیالیستیو یەکێتی سۆڤیەت بوێرو ئازا بوان نەیان دەهێشت ئاوا بەلا رێدا بچێتو رێگەیان نەدەدا دەوڵەت درێژە بە

چەواشەکاریو راگەیاندنی دیماگۆجیەت بداتو شتەکان لەگەل بشاریتەوە، لەم بارەیەوە تۆژەران لەو باوەڕەدان ئەگەر زووتر پەردە لەسەر ماهیەتی راگەیاندنی ئەو دەولەتانە هەلبدرابوایەوە ئەوا جەماوەر نەیاندەهێشت چارەنووسی ولاتەکانیان بەو ئاکامە بگات.. هەروەها دەلێن ئەگەر دیالۆگ لەنێوان هەردوو بلۆکی سەرمایەداریو سۆسیالیستیدا هەبوایە، هەلەکان بەو ئاستە نەدەگەیشتنو تووشی شکست دارمان نەدەبون، راسترین وشە ئەوەیە ئەگەر حاکمانی ولاتە سۆسیالستەکان کەللە رەقانە رەفتاریان لەگەڵ ئایدیۆلۆژیو سیستەمی بەڕێوەبردن نەکردبووایەو گوێیان لە دەنگی ناڕازیان بگرتبوایە دەیانتوانی هەلەو کێماسیەکانی خۆیان راست بکەنەوەو درێژە بە کاروانو رەوتەکەیان بدەن.

رۆزا لۆکسمبۆرگ کە ژنێنی سۆسیالیستی پۆلۆنی بوو باوەڕی وابوو کە دەبێ رێگەی گفتوگۆ ئاوەلا بێتو رێگە بدرێت کە ئازادانە بیرو بۆچوونەکان بخرێنە سەر روو لەم بارەیەوە دەلێت.

(پێوستە بە گفتو گۆ رازی بین، ئەگەر نا دەبێ بۆ بەرتەریەت دەست لە سنگ بدەین).

گومان لەوەدا نیە گفتوگۆی بنیاتنەر لەهەر شتێ زیاتر دەتوانێ یەکێتی ئەندێشەو بیرو باوەڕ لەنێو کۆمەلگەدا بسازێنیو بەرەو پێشەوەی ببات، بەلام سیاسیەکان ئەگەر دووچاری خۆپەرستیو راڕاییو دوو دلی هاتبن، رێگە بە گفتوگۆ نادەنو ئەو دەروازەیە دادەخەن، ئەو حالەتە رووناکبیرانیش دەگرێتەوە، ئەوکاتە خۆیان فریو دەدەن و لە بەرامبەر هەلەو کێماسیەکانی دەسەلاتداران بێدەنگ دەبنو ورتە ناکەن، جا ئەو کاتە چەمکی دیالۆگ بوونی خۆی لە دەست دەداو جەماوەر لێی بێبەش دەبێتو کۆمەلگە ناهوشیار دەتلێتەوە، ئەگەر کۆمەلگە ناهوشیار بێت.راستیو رەوایی وندا دەبێت، بەلام لەنێو هوشیاریدا راستیو هەقانیەت وەدیار دەکەوێت، هەرچەندە راستیو رەوایی بە هاسانی ئاشکرا نابنو خۆ بەدەستەوە نادەن، باشترین کۆشش بۆ وەدیارخسنی هەلەو تاوانو کێماسیەکان، والاکردنی دەرگەی گفتوگۆیە، لە میانەی ئاشکراییو گفتو گۆدا ، گۆمەلگە دەگاتە ئەو باوەڕەی کە سەرکردە مەزنو ناودارەکانیشی لە هەلەو کەمو کوڕی بەدەرنینو بۆیان نییە بە تاکو تەنیایی تێکڕای بوارەکانی ژیان بەڕێوە ببەن.

بە کورتی لە هەموو حالەتەکاندا دەستەلاتی سیاسی دەتوانێ لە جێگەی شەڕدا، زەمینەی دیالۆگ بسازێنێو کۆمەلگە لە تەنگژەو قەیرانەکان دەرباز بکاتو کێشەو ناکۆکیەکانی ناوەکیو دەرەکی لە رێگەی ئاشتیانە چارەسەر بکات.